ئەستێڵ ئینسایت
ASTELL INSIGHT

# لە ئەگەری پشتگوێخستنی ئیسرائیڵ لەلایەن ئەمریکاوە هاوپەیمانی کورد و ئیسرائیڵ ئاسایشی ناوچەکە بەهێزتر دەکات

لوقمان ڕادپەی

کاروباری جیهانی • ڕۆژنامەی Jerusalem Post



# لە ئەگەری پشتگوێخستنی ئیسرائیلٚ لەلایەن ئەمریکاوە، هاوپەیمانی کورد و ئیسرائیلٚ ئاسایشی ناوچەکە بەهێزتر دەکات


## لوقمان ڕادپەی


The Jerusalem Post

ئاپریلی 2025

وەرگێڕان: ئەستێلٚ ئینسایت

کاروباری جیهانی

ئەستێلٚ ئینسایت
ASTELL INSIGHT

لەدۆخێکدا کە ویلایەتە یەکگرتــووەکانی ئەمــریکا سەرقــاڵی پڕکردنەوەی کەلێنە کۆمەڵایەتی و سیاسییەکانە، ســتراتیژیستەکانی ئیسرائیلٚ دەبێت ئەم سیناریۆیە وەک ئەگەرێکی ڕاســتەقینە لەبەرچاوبگرن و خۆیانی بۆ ئامادە بکەن.

عەلی خامنەیی، ڕێبەری ئێران لە وتاری نوێژی جەژنی ڕەمەزاندا بانگەشەی ئەوەی کرد کە «دەڵێن گەنــجە دلێرەکانی نــاوچەکە، پــرۆکسی [ئێران]ن» بەڵام نــاوبــراو «ئیسرائیڵی بە تــاکە پــرۆکسی ناوچەکە» ناونا؛ هێزێک کە دەبێ «ڕیشەکێش بکرێت».

ئەم ڕیتۆریکانەی نـــاوبـــراو گـــومـــانی نەهێشت کە ئیسرائیلٚ بە درێژکراوی "کۆڵۆنیاڵیزم" یان دەستڕۆشـتوویی ئەمـریکا و خۆرئـاوا دەزانێت. بەڵام ئەگەر شـتێکی بیرلێنەکراوە ڕووبـدا، ئەوسا چی؟

**ئایا ئەمریکا دەتوانێت دەستبەرداری پاڵپشتی ئیسرائیلٚ بێت؟**

ئەگەر ویلایەتە یەکگرتـووەکان بەهۆی نـاکۆکیی نـاوخۆیی یان بەهۆی گۆڕانکاریی لە بەرژەوەنـدی جیۆپۆڵیتیکی، پــاڵـپشـتی لەمێژینەی خۆی لە ئیسرائیلٚ بکشێنێتەوە، چی ڕوودەدا؟ ئەگەرچی سەرۆک و بڕیاردەرانی ئیسرائیلٚ، چــاوکراوەن، بەڵام ســتراتیژیستەکانی ئیسرائیلٚ دەبێت ئەم سیناریۆیە وەک ئەگەرێکی ڕاستەقینە لەبەرچاو بگرن و خۆیانی بۆ ئامادە بکەن.

هەوڵی ئیسرائیلٚ بۆ دەسـتراگەیشتن بە هێزی ئەتۆمی لە سـاڵانی شەسـتەکان، جـگە لەوەی بۆ چاوترسێنکردنی دراوسێکانی بوو، بەڵکو خۆپاراستنیش بوو بەرامـبەر هەڕەشەکانی سەر بوونی وڵاتەکە. ئەمـڕۆ، بێگومـان چەکی نـاوەکی ئیسرائیلٚ تـوانـای ئەوتۆی نەدرکێنراوی هەیە. بۆ دەیان

ساڵیش بووەتە دوکتۆرینی مانەوەی و بەرچاوڕوونی سەبارەت بە دوورکەوتنەوەی ئەمریکا، ئەم پێویستیی پشتبەخۆبەستنە زیاتر دەسەلمێنێت.

سیاسەتەکانی باراک ئۆباما، سەرۆکی پێشووی ئەمریکا، بەتایبەت لە ئاست سەرکێشییە ئەتۆمییەکانی ئێران، ئیسرائیلی نیگەران کرد. بەم دواییانەش دروشمی لایەنگرانی حەماس دووای حەوتی ئۆکتۆبر، لە زانکۆکانی ئەمریکا دەنگی دایەوە و جەختی لە ئەگەری گۆڕانی کەشی خۆرئاوا کردەوە.

بڕیاردەرانی ئیسرائیل لەگەڵ مێژوودا نامۆ نین و ئاماژەکانی تەنگەتاوی ئەمریکا لە ئاوابوونێکی پێچاوپێچدا دەناسنەوە. ئەمریکا کەلێنی قووڵی کۆمەڵایەتی و سیاسی هەیە و قەیرانێکی بیرلێنەکراوە دەتوانێت بەرەو ناسەقامگیری ببات. ئیسرائیل دەبێت بۆ ئەم مەترسییانە پارێزگاری لەخۆی بکات. ئەمە نموونەیەکە ستراتیژی بۆ بەهێزکردنی یەکێتییەکان لە چوارچێوەی دیپلۆماسی نەریتی کە دەوڵەت-دەوڵەتە.

## ڕوانگەی نوێ بۆ ستراتیژی دیپلۆماسی نەریتی

ئەگەرچی ڕێکەوتننامەی ئیبراهیم لە پەیوەندی ئیسرائیل و عەرەبدا نیشانەی پێشکەوتنە، بەڵام مۆدێلێکی سەر بۆ خواری هەیە کە لەلایەن دەستەبژێری سیاسییەوە داڕشتنی بۆ دەکرێت، لەکاتێکدا کە هەستی دژە ئیسرائیلی بەقووڵی لەناو خەڵکی عەرەبدا ڕەگی داکوتاوە.

ڕوانگەیەکی جێگرتر ڕەنگە هاوپەیمانی خوار بۆ سەر بێت، بەتایبەت پەیوەندییەکی نزیکتر لەگەڵ کورد، کە نەتەوەیەکن وەک ئیسرائیلییەکان لەناوچەیەکی پڕ لە دوژمندا و هەروەها لە مێژە بۆ دیاریکردنی چارەنووسی خۆیان خەبات دەکەنە.

پێچەوانەی زۆربەی بـزووتـنەوە نـاسیۆنـاڵیستییەکانی خۆرهەلاتی نـاوین، کورد سەربـاری ئەو ستەمەی لەلایەن ڕژێمە ئیسلامیەکانی ئێران، تورکیا، عێراق و سووریا، هەرگیز خەباتی خۆیان لە چاویلکەی ئیسلامییەوە (شیعە یان سوننە) ڕێکنەخستووە.

خەبـاتی ئەوان دژ بە تێـرۆریـزم و تـوونـدڕەویی بە شێـوەی سـروشـتی هـاوکۆکە لەگەڵ بەرژەوەنـدییەکانی ئیسرائیڵ. هـاوپەیمانیەکی بەهێزی کورد و ئیسرائیڵ، جـگە لە سەقـامگیری ناوچەیی، دەبێتە لەمپەرێک لەبەردەم پاوانخوازیی ئێران و تورکیا و بەتایبەتیش سووریا.

ئەگەر ئەمـریکا بەڕاسـتی گۆڕانکاریی هـاوسەنگی هێزی لە نـاوچەکە دەوێت، دەبێت تـابـووە کۆنەکان بشکێنێت و ئـاسـانکاریی بۆ پەیوەنـدی هەرێمی کوردسـتان و ڕۆژاوا لەگەڵ ئیسرائیڵ بکات.

**یەکێتی کورد و ئیسرائیڵ، سەقامگیری ناوچەکە بەهێز دەکات**

دەبێت ئەم یەکێتییە ببێتە بەشـدارییەکی سـتراتیژیک و فەرمی کە هـاوکۆک بێت لەگەڵ گرێبەستی ئیبراهیم؛ ئەمە دەتوانێت ڕێگە بۆ کوردستانێکی سەربەخۆ خۆش بکات و ببێتە هۆی سەقامگیری ناوچەیی و ئاسایشی درێژمەودا بۆ ئیسرائیڵ.

ڕووتەختی شەتـرەنجی جیۆپۆلۆتیکی لە گۆڕانـدایە و دەبێ ئیسرائیڵ دڵنیا بێتەوە کە چەنـد هەنگاوێک لە پێشە. ئێستا کاتی گـرەنتیکردنی هـاوپەیمانیی جگێرەوە و بەهێزکردنی دێتێرێنسی سەربەخۆ هاتووە.

---

سەرچاوە:

https://www.jpost.com/opinion/article-848545

- د. لوقمان ڕادپەی کارناسی کوردستان و ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست، ئەندامی هاوکاری "کۆڕی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست" (Middle East Forum) و نووسەری کتێبی "بەرەو کوردستانێکی سەربەخۆ: مافی چارەیخۆنوسین لە یاسای نێونەتەوەییدا". ڕادپەی لە درێژەی یەک دەیەی ڕابردوودا بەشێوەیەکی بەرین لەسەر دۆخی یاسایی پرسی کوردستان و ڕەهەندە یاساییە نێونەتەوەییەکانی مافی دیاریکردنی چارەنووسی خەڵک و نەتەوەکان نووسیویەتی.